# دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

## چاوپێکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی

## لەگەڵ د. دەشنێ نەریمان

# About Corona Virus

Socialist Alternative Interview with:

Dr. Dashne Nariman



2020-3-10

**ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: گومانێک هەیە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە تاقیگەکانی ووهاندا دروست کرابێت، یان ئەمریکا دروستی کردبێت، ئەمە تا چەند بە ڕاست دەبینیت؟**

**د. دەشنێ:** گەر ڕاستگۆبین ئێمە ناتوانین نە ڕاستی ئەم گومانە بسەلمێنین نە نادروستیشی، بۆیە تەنها دەتوانین وەك گریمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. هۆکاری ئەمەش هەر خودی ئەو دۆخەیە کە ئێستا کۆی مرۆڤایەتی تێکەوتووە؛ تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئینتەرنێت پڕن لە هەواڵی ناڕاست، بە زۆریش ئەم هەواڵانە دەزگای سیخوڕی دەوڵەتانی لەپشتەوەن و هەندێکیشیان تەنها بۆ زیادکردنی چالاکی ئەکاونت و ماڵە ئەلیکترۆنیەکانن، کە ئەمەش هەر بۆ دەستکەوتنی هەندێك قازانجە. واتە بە گشتی بۆ زۆرینەی پرسەکان ئێمە ناتوانین هەواڵە ڕاست و ناڕاستەکان لە یەکدی جیابکەینەوە. ماوەیەك بەر لە ئێستا مارك زوگەبێرگی خاوەن و داهێنەری فەیسبووك، لە وەڵامی کۆمەڵێك ڕەخنەدا وتی: ئیشی فەسیبووك نیە هەواڵە سیاسییە نا ڕاستەکان باند بکات؛ چونکە بەمە شەعبیەتی کەمدەبێتەوە. کەواتە ئەوە ڕوونە کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئەمرۆ، خاڵییە لە بەهای ڕاستگۆیی. ڕاستی و ناڕاستی هەرچەندە دوو شتی ئەبستراکتن و ناتوانین دەستیان لێبدەین، بەڵام لە سایەی سەرمایەداریدا بوون بە کاڵا و لە هەر

جێگەیەك هەركامێكیان قازانجی زیاتر بهێنن ئەویان هەڵبژاردنە دروستەكەیە. ئەمە پرسێكی ڕێژەیش نیە وەك هەندێك كەس پێیان وایە پەیوەندی بە گۆشە نیگا جیاوازەكانەوە هەیە، ئەوەی لێرە مەبەستمانە خستنەڕووی فاكتەكانە كە زۆر مشتومڕ هەڵگرنین.

هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە كە ئێمە ناتوانین بڵێین ڤایرۆسەكە دروستكراوە، یاخود دیاردەیەكی سروشتییە. ڕێی تێدەچێت دروستكراو بێت و بەشێكبێت لەو گەمە سیاسییە-ئابوورییە بێ مۆراڵەی سەرمایەداری و كێبڕكێی نێوان زلهێزەكان بێت بۆ هەیمەنەی زیاتر. وەكچۆن لە سەرەتاوە گریمانەی یەكەم ئەوەبوو ڤایرۆسەكە دروستكراوی تاقیگەكانی ئەمریكا بێت بۆ داڕووخاندنی ئابووری چین، چونكە ڕێگاكانی خۆپارێزی و چارەسەر پێویستی بە تێچوویەكی زۆرە و لەلایەكی دیكەشەوە دەبێتە هۆی كشانەوەی كۆمپانیا بیانیەكان كە دیسان زەرەرێكی زۆر بە ئابووری چین دەگەیەنێت. بەڵام لەم هەفتەیەدا دوای كۆنترۆڵكردنی ڤایرۆسەكە لە ووهان و بڵاوبوونەوەی بە دەوڵەتانی دیكەدا و كڕینەوەی پشكی كۆمپانیاكان لەلایەن حكومەتی چینەوە، هاوكێشەكە پێچەوانە بوویەوە و گومانی ئەوەی ڤایرۆسەكە بەشێكبێت لە هەوڵەكانی چین بۆ هەیمەنەی سیاسی و ئابووری زیاتر بەسەر دوونیادا و دروستكردنی بازاڕێكی نوێ بۆ قازانجی زیاتر، بوو بە گریمانەی دووەم (دروستكردنی ڤایرۆسێك كە گومانی زۆرە ببێتە پەتا و

ساڵانە دووبارە ببێتەوە چانسی قازانجێکی زۆر دەخاتە بەردەم هەر دەوڵەت و کۆمپانیایەك کە ڤاکسینی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە و چینیش زۆرترین پشکی ئەم چانسەی هەیە). هەریەك لەم گریمانانە دەکرێت ڕاستبن، چونکە ئێمە شاهیدی چەندین جەنگین کە تێیدا مرۆڤ کراوە بە قوربانی قازانج و ململانێی دەوڵەت و کۆمپانیاکان و بە سادەییش ناویان لەم گەمەیە ناوە سیاسەت. لێرەوە پرسێکی دیکە  لەم نێوەندەدا سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە: ئایا زانست چیتر چالاکییەکی مرۆڤە بۆ خۆپاراستن لە دیاردە سروشتییەکان و زاڵبوون بەسەریاندا و غەریزەی مانەوەی جۆرە، یاخود چەکێکی نوێی سیستەمەکەیە وەك هەر تۆپ و تانکێکی دی بۆ پاراستن و کەڵەکەی سەرمایەی زیاتر؟ لە ئێستادا زانستێك نییە دابڕاو و بێلایەن بێت و لە دەرەوەی گەمە سیاسیی و ئابورییەکان بێت. ڕۆژانە ئێمە شاهیدی داهێنانی زانستی نوێ و کەرەستە و ئامێری زیاترین، کە ژیان و ژینگەکەیان وێران کردووین و بوون بە مەترسی گەورە لەسەر ژیانمان. کەواتە زانست چیدیکە بەشێك نییە لە غەریزەی مانەوە و هەر خۆی یەکێکە لە گەورەترین مەترسییەکان لەسەر مانەوەی ئینسان.

نامانەوێت بڵێین زانست هیچ سودێکی بە ژیانمان نەگەیاندووە، بەڵام ئەو زانستەی لە ئێستادا هەیە مەترسییەکانی زۆر لە سودەکانی زیاترن. ئەمەش پەیوەست نییە بە خودی زانستەوە، ئەوەندەی هەیمەنەی سیستەمێکی قازانج

پەرستە بەسەریدا، کە پاڵنەری زانستی لە ژیانێکی باشتر و سەلامەتترەوە بۆ زۆرینەی مرۆڤ گۆڕیوەتە سەر وەسیلەیەك بۆ کەڵەکەکردنی قازانجی زیاتر بۆ کەمینەیەك. تا کاتێکیش زانست لە ژێر ئەم هەیمەنەیەدا بمێنێتەوە، ئێمە نە دەتوانین متمانەی پێبکەین، نە لە مەترسییەکانیشی بەدوور دەبین. ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە ڤایرۆسەکە وەك هەریەك لە نەخۆشییە مەترسیدارەکانی دیکە کە لە ڕابردوودا دەرکەوتوون لەوانە؛ تاعون و کۆلێرا و جۆرە جیاوازەکانی ئەنفلەوەنزا، ڕوداوێکی سروشتیبێت. خۆ ئەگەر ئەم ڤایرۆسە ڕووداوێکی سروشتیبێت و یەخەی مرۆڤایەتی گرتبێت لەم سەردەمەدا، کە ئیدیعایەکی زۆری پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و هەموو زانستەکانی دیکە دەکرێت، دەبوایە هیچ نەبێت کەرەستەی پێویستی خۆپاراستن هەبێت بۆ هەمووکەس، بەڵام وەك دەبینین تەنها دەنگۆی گەشتنی ڤایرۆسەکە بە کوردستان نرخی ماسکێکی بەرزکردەوە بۆ 25$ و لە شاری ووهانی چینیش بوو بە 50$، ئەمە بۆ؟ لەبەر ئەوەی پڕۆژەی نیولیبڕالیزم و بەتایبەتیکردنی کەرت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە دواهەمین پرۆژەی سەرمایەداریی جیهانییە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەرتی تەندروستیشی گرتۆتەوە. لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم بە تایبەتیکردنە مەترسییەکی گەورەی بۆ تەندروستی کۆمەڵ درووستکردووە. کەرتی تەندروستی بۆ دەوڵەتان بارێکی ئابوریی گەورەیە، هەربۆیە دەوڵەتان دەیانەوێت خۆیان لەم بارە ئابورییە ڕزگار بکەن و بەمەش بەرپرسیارێتی پاراستن و

چارەسەرکردنی مەڕەکان دەدەنە دەست گورگەکان(کۆمپانیا تایبەتەکان). ڕوونیشە ئەوکاتەی کەرتی تەندروستی دەبێتە کەرتێکی بازرگانی و یاساکانی بازاڕ و سەرمایە و قازانج دەیبەن بەڕێوە، هەر نەخۆشیێکی زیاتر یەکسانە بە قازانجی زیاتر، (کەواتە نەخۆشکەوتنی هەر مرۆڤێك لە خزمەت قازانجی زیاتری کۆمپانیا)یەکدایە. ئەمە بە پێچەوانەی ئەو سیستەمانەیە کە پاراستنی تەندروستی ئەرکی دەوڵەتە، چونکە دەوڵەت قازانج ناکات لە نەخۆشکەوتنی هاوڵاتیانی، بەڵکو نەخۆشکەوتنی هەر هاوڵاتییەك بارێکی ئابورییە لەسەر دەوڵەت، بۆیە میکانیزمەکانی بەرگریی و خۆپاراستن لە نەخۆشی توندوتۆڵدەکات نەك چارەسەر، بۆ ئەوەی تێچوونەکانی کەمبکاتەوە. کەواتە کەرتی تەندروستی گشتی ڕوو لە خۆپاراستنە و کەرتی تەندروستی تایبەت ڕوو لە چارەسەرکردن و قازانجە. هەربۆیە بەتایبەتیکردنی کەرتە تەندروستییەکان هۆکاری کەمی و نەبوونی کەرەستەی پێویستی خۆپارێزین لەم دۆخە زۆر مەترسیدارانەدا، چونکە کاتێك تەندروستی کۆمەڵ دەدرێتە دەست کۆمپانیا تایبەتەکان، کەرەستەکانی خۆپارێزی و چارەسەریش دەبن بە بەشێك لە کاڵاکانی بازاڕی ئازاد، بۆیە هیچ سەیر نییە کە دەرئەنجامی لەم شێوەیە بخاتەوە.

**ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: ئایا هەست دەکەیت بۆچی مرۆڤ بەم هەموو سەرمایە و پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایەوە، هێشتا ناتوانێت ڕێگری لەم جۆرە مەترسییانە بکات و زۆرینەی مرۆڤ لەسەر زەوی تۆقیون؟**

**د. دەشنێ:** پێش هەموو شتێك ئەم دەستکەوتانە دەستکەوتی کۆی مرۆڤ نین، پرسیاری زۆر لە پێشتر هەن کە دەتوانین بیکەین، بەم هەموو پێشکەوتنەوە ڕێژەی هەژاری بۆ وا بەرزە؟ بەم هەموو پێشکەوتنەوە بۆ هێشتا منداڵانی ئەفریقا لە برسان دەمرن؟ ئەی بۆ ئاوی خواردنەوەی پێویستیان نییە؟ ئەی ئەم هەموو بێ لانەیە بۆ لەسەر شەقامەکانن؟ و زۆر پرسیاری دیکە، کۆتا پرسیار ئەوەیە؛ بەم هەموو پێشکەوتنەوە ئەم هەموو تۆقینە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ؟

بەشێك لە هۆکاری تۆقینەکە ئەوەیە تا ئێستا چارەسەر بۆ ئەم ڤایرۆسە لەئارادا نییە ( هەرچەندە ئەمەش خۆی پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت ئەگەر ئەو هەموو بودجەیەی بۆ بەرهەمهێنانی چەك بەکاردەهێنرێت لە پەرەپێدانی کەرەستە پزیشکییەکاندا بەکاربهێنرانایە، هێشتا هەر ئاوا دەستەوستان دەبووین لەبەردەم ڤایرۆسی کۆرۆنادا؟).

هۆکارێکی دیکەی ئەم تۆقینە بە بڕوای من ئەوەیە هەرگیز یەکسانی لە دابەشکردندا نییە لەناو ئەم سیستەمەدا، واتە هیچ کەس ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی ئەگەر چارەسەرەکەش بدۆزرێتەوە دەستی پێیدەگات، یاخود ئایا مرۆڤێکی هەژار دەتوانێت تێچوی چارەسەرێکی لەم شێوەیە دابینبکات؟

لە هەرێمی کوردستانیشدا خۆمان ئاگادارین کە گەندەڵی و نا دادپەروەری بە هەموو پنتەکانی حکومەتدا شۆڕبۆتەوە، کەرتی تەندروستی گشتی چەندە لاوازە و بەهۆی هەیمەنەی کەرتی تایبەتیشەوە چەندە پاشەکشەی کردووە. سەرباری ئەمانەش کۆمپانیا تایبەت و کۆمپانیای بەرپرسان دەستیان بەسەر بازاڕی کەرەستە و دەرمانی پزیشکییدا گرتووە. بۆیە ترس و نا دڵنیایی خەڵك لە جێی خۆیەتی؛ چونکە لە پێشتردا بە بێ بوونی ڤایرۆسێکی وەك کۆرۆنا بینیویانە کە نەخۆشخانە حکومییەکان چەندە بێ خزمەتگوزاریبوون. بۆیە دڵنیان لەوەی کە سیستەمێکی تەندروستی لەم جۆرە، ناتوانێت لە ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسێکی لەم شێوەیە بیانپارێزێت.

## ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: کەواتە ڕێگە چارە چیە و خەڵک چۆن خۆیان بپارێزن؟

د. دەشنێ: پێش هەموو شتێك زۆر گرنگە هەموو کەسێك ڕێکارەکانی خۆپارێزی بە باشترین شێوە بگرێتەبەر و لەوە دڵنیابین، کە خۆپارێزی هەرکەسێك یەکسانە بە پاراستنی ئەوانی دیکەش. دڵنیاشبین لەوەی کە پێداویستی و کەرەستە پزیشکیەکان بە خۆڕایی بە هەموو کەس بگات و هیچ جیاکارییەکی تێدا نەکرێت. پاککردنەوەی گەڕەکەکان کە لە ئێستادا دەستی پێکردووە بە یەکسانی گەڕەکە هەژارنشین و هەموو گەڕەکەکانی دیکەش بگرێتەوە. سەرباری ئەمەش لە ئەگەری تەشەنەی زیاتری نەخۆشییەکە کەم بکرێتەوە. زۆر گرنگە لە ئێستادا چاودێرێکی ورد بین بەسەر دەوڵەت و داموودەزگاکانییەوە، تا گەندەڵی و کەمتەرخەمی و قۆرخکاری و نایەکسانی نەکرێت لە چارەسەری توشبووواندا. هەروەها ڕێگە بە هیچ قۆرخکارییەکی بازاڕ نەدرێت لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکانەوە و لە ئەگەری بینینی هەریەکێك لەم حاڵەتانەدا، گرووپی فشار لە لایەن خەڵکەوە دروستبکرێت.

## ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: ئایا هیچ شتێکی دیکەی گرنگ هەیە بتەوێت بیڵێی؟

**د. دەشنێ:** ئەوەی لە کۆتاییدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە؛ کە ڕاستە ڤایرۆسەکە مەترسیدارە، بەڵام هێشتا هێندەی هەموو ئەو مەترسیانەی دیکەی سیستەمی سەرمایەداری مەترسیدار نییە، کە ژیانی هەموو مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسییەوە. بۆیە نابێت بیرمان بچێتەوە کە کۆمەڵگای سەرمایەداریی خۆی مەترسییە بۆسەر ژیانی ئینسان و پیسبوونی ژینگە و سەرچاوە ئاوییەکان. هەروەها هۆکاری لەناوچوونی دارستانەکان و چەندین جۆری ئاژەڵەکانە، سەرباری بەقوربانیکردنی ملیۆنان ئینسان لە جەنگەکاندا و برسیکردن و هەژارکردنی ملیۆنان ئینسانی دیکەش. جگە لەمانەش بردنی ڕەنجی زۆرینەی ئینسانەکان لە لایەن کەمینەیەکی کەمەوە، لە دەرئەنجامەکانی ئەم سیستەمە نائینسانییەن و سیستەمەکە خۆی مەترسیدارترین نەخۆشییە بۆ مرۆڤایەتی. بۆیە پێویستە بەردەوامبین لە خەبات بۆ ژیانێکی یەکسان، کە تێیدا هەموو کەس بەیەکسانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی خۆڕایی پێبگات، کە ئەمە لە کۆمەڵگای چاوچنۆك و قازانجپەرستی سەرمایەدارییدا مەحاڵە.

**بە هیوای تەندروستییەکی باش بۆ هەمووان**